# حزبە ئاینییەکان نەیانتوانیوە دەسەڵاتێکی هاوشێوەی ئێران لە بەسرە پیادە بکەن

peyamner– لەراپۆرتێکدا کە بۆ رۆژنامەی واشنتۆن پۆست ئامادەکراوە باس لە رەوشی شاری بەسرە کراوە کە حزبە ئایینەکان نەیانتوانیوە دەسەڵاتێکی هاوشێوەی ئێران لەشارەکە پیادە بکەن، لە راپۆرتەکەدا هاتووە: خەڵکی شارەکە دەڵێن ئەزموونی ئەو حزبە ئایینیانە لەئیدارەکردنی شارەکە شکستی هێناوە و لەگەندەڵیدا نوقم بوونە، ئیدی چۆن بەدەنگدانی خۆمان ئیدارەی وڵاتێکیان بدەینە دەست.

راپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی هەوڵیداوە شارەکە کۆنترۆڵ بکات و چەندین بڕیاری بەسەر خەڵکەکەدا سەپاندووە وەک ناچارکردنی قوتابیانی کچ پۆشینی جلوبەرگی ئیسلامی و سەرپۆش کردن، بەڵام ئەوانە نەک هەر نەبوونەتە هۆی زۆر بوونی جەماوەری ئەو لایەنە بەڵکو بەپێچەوانەوە خەڵکێکی زۆری لە دەوری لیستی حزبی شیوعی و لیستی ئەیاد عەللاوی کۆکردۆتەوە. لەراپۆرتەکەدا باس لەوەش کراوە کە بەرپرسانی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی کاتێک بەعەرەبی قسە دەکەن عەرەبیەکەیان فارسییە!!

عەلی مەحمود
**Jan 26 2005 17:18**